# تحقیقی در آثار مولوی کرد

سید محمد اسعد سجادی

ماموستا سەید عبدالرحیمی تاوگۆزی متخلص بە مەعدوم مـەشهور بـە مـەولەوی، یەکی لەو عارفو زاناو ئەدیبو شاعێرە پلە بەرزانەی کوردە کـە زرنگـەی زەنگـۆڵەی بەرێزیِ ئەو لە چوارچێوە خاکی کوردەواری ڕویشتوەتە دەرەوە و لە زوربەی وڵاتانی ئیسلامیدا ناوی بەرزی لە سەر زمانی زاناو خاوەن هەستە ناسکەکان بووە.

ئەم بلیمەتە بەرزە آثاری مەنزومی زور بووە، هرنراوە بە سۆزەکانی هەمو ساتوکاتێ لە سەرزمانان بووە لە بەر چاو نەکەوتووەو نەبێزارە.

بە هۆی تەنگوو چەڵەمەی ژیانی ئەو سەردەمەو نەبونی ئیمکانات و بە تایبەت سوتانی ماڵەکەیو ئاورتێ بەربونی کتیبخانەکەی بەشێکی زۆر لە بەرهەمە جوانە نثرو نەزمەکانی سوتاوەو بەدەم بای نابەسامانییەوە بەم لاو بەولای وڵاتانا پژشۆو بـڵاو بـووەتەوە کـە ئیستاش زۆرێکی زۆری هیشتابە دەس خاوەنی خۆی نەکەوتووە و چاپ نەبوەو بـڵا نەکراوەتەوە، وە لە دیوانە چاپ کراوەکەی مـامۆسای پـایەبەرز مـەلا عـبدالکُـریمی مدرّسدا چاپ نەبووە.

مەولەوی جگە لە هونراوە، بڕێ پەخشانی جوانیشی هەیەکە لەپاش هێندێ لە پارچە هەڵبەستەکانییەوە، بەکوردی یا بە فارسی، یا بە تێکەڵی لە هەردو، نوسیویەتی.

هێندی لە شێعرە بڵا نەکراوەکانی و پەخشانەکاتی ئەمانە خوارەوەن:

(١)

واچدێ چە وەعدەی نشـینگەی تـەنگەن یـــاران چـــەمەڕا بـــرادەنگـــەن

| | |
|---|---|
| ئاخ ئاخ! جه چراخ، ئاخ پەی داخدارێ | چون من خاترخار خەمبار داخدارێ |
| بشیایوە سەیر سەرسەرا وەچەمەن | جه ئەو (چراخم) جه چەمەن جه مەن |
| ناڵەمان کەردا چەنی بولبولان | چەنی ئێش سەخت سفتەکەی دلان |
| تاجه قەفەسدا ماما نەفەسێ | ئەوان پەی گولان ئێمەیچ پەیکە سێ |
| ئەی هۆچەند سەرچنگ چەرخ چەپوەر دم | چەرخ چەند چەرخیا من مام نەمردم |
| یە گەردون مەدام گەردە لولشەن | دڵداران دڵ دان های چەند تولشەن |
| ناڵەم بەرکەنار وێم بە حاڵ وێم! | ئای گیان سەخت بیم چەند چەرخشدا پێم |
| ئەوەڵ بارخانەی بەدبەختیش ئاوە سرد | هە روێم مزانۆم چۆن باربەندیش کەرد |
| مجری و محفەرەش کەیل نە شادی پڕ | وەبار ئیبلیس پەردەی حەیا دڕ |
| ئاوەرد پارچەی بەد پۆ شانەوە رم | ڕو سیاو ڕەنگ زەرد سەر تاکە مەرم |
| نزول کێشا دەست بەختم ئەوڕای بەد | پای ئەدەب نە دەرك عادەت کەردم ڕەد |
| ڕێزە کەرد شیشەی بەزم بیساتم | زرنگ نازەنگ نەرد نەهاتم |
| پارە پارە کەرد مینام وە مەینەت | بادا لە تەرە بە بەست و بەینەت |
| ئەی سەر تائەو سەر خول ئاوەردەوە | هەودای هەم و خەم مەحکەم کەردەوە |
| ئیسە نە عەیشو، نە سرور، نە ڕاز | نە دایرەی دەف، نە چل چەنگ، نە ساز |
| یەکسەر پەردەی چەرخ چون ئەهل کاران | ماڵا بەرد، هەر عەکس تا پۆم دیاران |
| بارهەم کلافەم چون بزڵەی دەروێش | هەر چەرخم مدۆ چەنی چەرخ وێش |
| هەی چەرخ! وە بەدی وێت گرفتار بی | هەر چەرخ بدەری هەرتا دیار بی |
| شەرت بۆ چەنێ خون (یوسف بەدکاری) | تۆ ئەو چەپ گەردی، من ئەو بی عاری |

شێعری یەکەمی (١) ئیرە بە شێعری پێنجەمی پارچەی (٢)ی، پێ، چاپ کراوە.

شێعری دوهەم (٢) تا پێنجەمی (٥) ئێرە، لە پارچەی (٢٩)ی ئەلفدا چاپ کراوە.

شێعری (٦)ی ئیرە، بە تەنیا لە ژێر ژمارەی (٣٦) ی ئەلفدا چاپ کراوە. ئیتر لە ژمارەی (٧)ی ئێرەوە تا ئاخر چاپ و بلا نەکراوەتەوە.

**(٢)**

خـــاڵۆ و یـــەردەن خـاڵو و یـەردەن   هیجرانت یەکجار جە حەدویەردەن
وەسواسەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن   دوریت خەیمەی دڵ ڕێشەکەن کەردەن
فیراقت فەرقم‌وە توتیاکەرد   جیاییت ئەعزام جە هەم جیاکەرد
پەژارەت بەو تەورئێش دان نە جەرگم   وە مەرگت قەسەم ڕازیم وە مەرگم
وێت بدەر ئینساف خاڵۆکەی خۆش خۆ   مەردەن خاستەرەن یا خۆ دوری تۆ
مەردەن یەک ساتەن ئەرواحەکەی وێم   دوریت هەرساتێ سەرمەر مەرگەن پەرێم
مەر جەستەی خەستەی من جە فولادەن   یەند دوریت‌و ینوهێمان دڵ شادەن
دەك ڕەحمەت ئەوقە برگشت سینەسافان   خوسوسەن (یەعقوب) میرزاکەی جافان
چەرخ چەپ چەنیم ڕاست بەستەن کەڵەك   چمان سەنگم دان وە مینای فەڵەك
دایم پەرێو من هاجە بەهانە   گاهێ (ئەسفەهان) گاهێ جە (بانە)
نمە دۆم فرسەت ساتێ وە بێ خەم   گەرد پالاکەت بماڵۆ نە چەم
یا شەوێ شین کەم وە شەو ناڵینت   یا ڕۆی ڕۆکەم وە زاریو شینت
یا ناڵەم چەنی ناڵەت بخێزۆ   یا دیدەم ئەسرین پەرێت بڕێزۆ
یا شەممی جە شەرح دوری دوبارە   داخ هیجروە سڵ دڵەی سەد پارە
عیشوەی گریشمەی حور جەمین گوڵ   عەرزکەم وە پابۆس پەی تەسکین دڵ
چەپ گەرد نمازوم دەمی فەراقەت   ساخودا: یاوە سڵ، یا مەرگ، یا تاقەت

ئەم پارچە هەڵبەستە بەم شێوە لە دیوانەکەدا چاپ نەکراوە، بەڵکو بە پڕژوبڵاوی لە دو جیگەدا بڕێکی بەم چەشنە بڵاوکراوەتەوە ٧ شێعری ئێرە لە پارچەی (٦) (پی)دا چاپ کراوە، شێعری ٩ـ ١١ـ ١٦ لە پارچەی (٦)ی (خی)دا چاپ کراوە، باقی‌یەکەی لە دیوانەکەدا نەدۆزراوەتەوە...

ئەم پارچە شێعرە لە ئاخرەوە پەخشانێکی کوردی لەگەڵدایە کە دەرئەکەوی لە

وەلامی خالۆی کوماسیدا نوسیبێتی، کە داوای لە مەولەوی کردوە نامەی بۆ بنوسێ بۆ پەنجە، لە لایەکی تریشەوە ناوی میرزا یەعقوبێکی جافی تێدایەکە لە دیوانە چاپەکەدا ناوی نەبینراوە، ئەمەش پەخشانەکە: «طاقەت خۆ نابێ! خالۆ (فرمودە بودند) کاغەز بنوسمە پەنجە یانی لەگرەو نزیکترە، ئەرێ خاك وەسەرم بەوخاس نزیکە! لەگرە تا پەنجە پەنج ڕۆژ (ریگە است): نازانم چە بنوسم؟ دەردم دوبارە تازە بوگەسەوە، یاخودا خوم لە کاغەز زوتر برومەوە، ئاخ خالۆ»

## (٣)

دڵـــە دیـــارەن بـــێقەرارە نـــی　　خـەیاڵ سـۆحبەت ڕاگـەی پـارەنی
ئەر سەد دەوڵەتمەند جە خەدەنگە نی　　پەشەی گیان نەدەر دڵ جە سەنگە نـی
بـەلام پـەی کـەسێ دڵ پـڕجە بـاسەن　　هامسایەی یانەی دەوڵـەتمەند خـاسەن
(بـنیش!) سـەروەشم وە رفـیقی تـۆ　　وە رملی چەنیش خـودات چـەنی بـۆ
مـن بـازە وە دەرد هـیجران بـالاش　　ئانە تۆ سۆحبەت گەردەکـەی پـالاش
بـــەلام یـادت بـو وەی فـەقیرەوە　　چـون تـلیەی وەزام مـەودای تـیرەوە

ئەم شەش شێعرە لە دیوانە چاپکەدا نیە.

## (٤)

هـازر نگـەی زەنگ سـەرقەتار مـەیو　　وێـنەی دڵـەی مـن نـاڵەش زار مـەیو
سەداش ڕێێ کاروان گرتەن بێ پەردەن　　ماچی شاگـردی دڵـەی مـن کـەردەن
هەی تیجار بـاشی خـەیرنە یـۆنە ڕێت　　بێ ڕەنج وینی گەنج سـەرمایەی وێت
مـن خـو کـەفتە کـارخـەریک دەردم　　خەستەی زامەت دارو یڵ ڕوی هەردم

ئەم چوار شێعرەیش لە دیوانە چاپەکەدا نیە.

## (٥)

ئەم پارچەی خوارەوەیش تائێستا بڵاو نەکراوەتەوە

قوربان چەم چەمش وە تۆنە کەفتەن / بەڵام نەوساوە نامت شنفتەن
ئارەروی وەگەرم دیدار تۆشەن / پەی فەردای خدمەت ئارۆ وفەرداشەن
تائێستە چەند جار تەدبیرش کەردەن / تەقدیر ڕیشەی ئەو جە بێخ ئاوەردەن
بەندە ئێحرام بەندکە عەبەی حوزوورەن / ڕانمە زانۆن بەڵەد زەرورەن
مەواچان: هیممەت پەی بەڵەد خاسەن / ڕاسشان فەرمان، ئەڵبەت هەر پاسەن
هیممەت تا سەر بۆچەم باڵاپەی لات / سەر سەربڵند بۆچەم وە خاک پات
ئەر سەدوا وەیلان هیجران باڵات / مەینەتەن دوری تۆزەکەی پاڵات
بەڵام چون کەردەی گەردشی چەپگەرد / گەردە لول چەرخ هیجرانت هۆرکەرد
ڕەزام وە تەقدیر دڵ دام وە ڕەزات / تەن کەردم سوپەر تیرەکەی قەزات
وە بەرد هاوێروە سڵەکەی جاران / ئاماو لواکەی سەبا و ئێواران
ئیستە پێچ وەردەم چون ماران گۆشتە / مقرچۆ وێنەی دانەی برشتە
سەڕسەڕ هیجران هورکەردەم پەی دڵ / هەر تۆزم بەردەن مەنزڵ وە مەنزڵ
جە دوری باڵات ناڵە ناڵە مەن / ئاماونا ماکەم ئەڵڵا و ئاڵە مەن

## (٦)

تەسکینی دڵەی پڕجە خارەکەم! / دەرمان دەرون بێ‌قەرارەکەم!
نامەکەت کیاست وە لای من یاوا / پەیاپەی نەڕوی دو دیدەم ساوا
دەرونت وەکوڵ جۆش ئاوەردە بی / کزەی دوری ویت ئیزهار کەردە بی
دێونای دودی کورەی دەرونم / کۆڵناتەوە زام دڵەی پڕهوو نم
نمازی ساتێ ڕاحەت بۆ پەی وێم / دەک بێ بەڵا بای چێش مەکەری پێم؟
من خۆ کەم زوخاو هیجرانم وەردەن / ئەمجار کزەی تۆ تەمامش کەردەن

ئەم شەش شیعرەیش لە دیوانە چاپەکەدا پەیدا نەبوون

( ٧ )

یـادم نـمەشی جـە گـردین حـاڵدا چـەنی بـاڵ تـەیریاوە شـەماڵدا
ئـیزهار ئـایر گـڕ بـەستەی دەرون دیـدەم و دیـدەت فـرسەت مزانـون
دڵ دایـم پـەرێت پـڕئیشو نـیشەن دنـیام پـێ ئـیدەن بـاڵای تـۆ تـێشەن
بـە غـەیر جـە دوری ئـەو باڵانە مـام هـەنی هیچ خـەمێ نـەمەندەن جـە لام
بەڵام چێش کەرون؟ گەردش چەپگەرد دوریش وەمـا بـەین مـن و تـۆ ئـاوەرد
کـار گـەردونەن نـەو نـمام نـو وەرنـە مـن جـەکۆ دوری تـۆجەکۆ

ئەم شەش شێعرەی سەرەوەیش لە دیوانەکەی ماموسای مدرس‌دا نەبینراوە.

لە دوای پارچەی (٦)ەوە (تەسکینی دڵەی پڕ جە خارەکەم) ئەم پەخشانە فارسی‌یە هەیە:

«کاکە نە زبان را طاقت تقریر، و نە قلم را یارای تحریر، اینقدر میگویم کە اشتیاق بسیار و ذوق بی‌شمار دارم (چە خوش است کە بعد از غم کشیدن، خدا روزی کند دیدار و دیدن)، جناب شیخ بزرگوار از تنخوای فقیر دست بوسندە و التماس از او بفرمائید، مخدومی شیخ مولان سلام برسان، و از او دعا خوانم. والسلام.»

لەدوای پارچەی (١)ی (ضاد)ەوە ئەم پەخشانەی خوارەوە نوسراوە:

«ضیای دیدە و دلم! نامەات رسید، شادمان بخشید، خدا از منت نستاند، وجود مبارکت از برای خاطر من خیلی، خیلی بماند، الحمدلله از همت شیخ بزرگوار و دعای آن دولت راستی شعار....روزگار حسب المرام در گذر است، ودست صاحبی شیخ و کاکە مولان را زیارت بفرمائید و امین را هم و کاکەحسین را خیلی سلام رسانم و السلام.»

له دوای پارچەی ئازیز شوخ‌و شەنگ شیرین تارەنی، ئەم پەخشانە هەیە:

«از مادەی امری که فرموده بودند حسب‌الامر عمل نموده، چاکران را بر سر خود حکم نیست، هر چه فرمان تو باشد آن کنند، حرکت بدن نمانده و جان دست از توانایی افشانده، و نه دل را تحمل نیامدن، و نه ما را طاقت آمدن، اگر بفریاد خواهید رسید عمریست عزیز منت دوباره. والسلام.»

له دوای پارچه (٦) نونەوە نوسراوە:

«بە خودا ئەگەر ئینساف بۆی تو بۆ بەشەکەی قیامەتیچت بەسە، بە شەرتێ لەگەڵ (زەهاوی)وەیەکەوە بخونین، کاکە! بە مەرگی تۆ جارێ‌تر کەس ناوێژێ.»

له دوای پارچه (۱۸)ی ئەلفەو نوسراوە:

«شمال عبارت نامەات، ضیای دیده، فردها معنی باریک دارد، یکی یکی را بخوانید، خوب ملاحظه کنید، نادانسته نگذاریدشان، (ئاخ خۆم لەکوێم بۆت بخۆینم).»

له دوای پارچەی (۲)ی (ری)ەوە نوسراوە:

«بفرست (ذهابی) را بیاورند، یکی یکی را به او بخوانید، (کاکە بە مەرگی تۆ هەر بەیتێکی هەزار تمەن قیمەتیە، ئەمما بە شەرتێ خاسیان بخونین)، کاکه زانوهایم درد می‌کند، والا این دفعه می‌آمدم، بی طاقتی مکن، رمضان نزدیک است، چنان دانستی یکشب برخواستم آمدم، (ذهابی) را بگو عجب بی‌انصاف است! دیدید مرا تنها گذاشته دفعه‌ای نمی‌آید من هم دور باشم او دور (دیدیم!) عاجز می‌شود.»

له سەر هەمان پارچە نوسرواە:

«ضیای دیده! عزیزم: این را هم تفأل حافظ گفته‌ام، هنوز اسماعیل آقا نیامده بود، بخوان ملاحظه کن.»

له سەر پارچەی (۴)ی (هێ) نوسراوە:

«قافڵەی بەهارییە هاخاسی بخوێنە ئامان هەی داد.»

لە دوای پارچەی (٨)ی ئەلفەوە نوسراوە:

«یدە را از تنخوای من سلام برسان و او را بگو:

سەنگی سەنگ و خاک نە سەردۆشم بۆ مـەرئەو سـامەیلت فـەرامـۆشم بـۆ

کاغذ هم بە (ذهابی) بنویس کە انشاءالله چند روز دیگر فلانی عودت خواهد نمود بلکه عاجز نشود تا بیایم، عبدالرحیم المعدوم، ضیای دیده و دل! سرور عزیزم! دمیدن صبح وصال در آخر شب فراق نزدیک است، اگر فلک بگذارد.»

لە دوای پارچەی (١٠)ی بیوە نوسراوە:

«شیخ بزرگوار دست‌بوسی برسان، و امین را هم و کاکە مولان را کذلک، و کفش زرد بخواهر عزیز برسان، از تنخوای من عرض کنید (زۆر) زرد است، پا بنهد ببخشد، عبدالرحیم المعدوم.»

لە دوای پارچەی (١٢) نو نەنوە نوسراوە:

«سرور عزیزم! برسیدن عریضه آمدن را فریضه دانید، خیلی دلتنگ و ناله درونم فرسنگ، و بخت بددل در جنگ است، و ساز دعای خیرم در آهنگ، زود بیایید زودتر بیایید.»

لە سەرەتای لاپەرەی (١٥٦)دا لە دیوانێکی دەس‌نوس‌داکە ئاخرەکە نەماوە، ئەم یەک دو خەتە نوسراوە:

«درویشان بلی از ایشان جوشیدن و خروشیدن و کمان کشیدن، از دلریشان سرخوشی کردن، و کسی بوسیدن و چشیدن دم، عبدالرحیم المعدوم»

لەکوتایی پارچەی (٩)ی (تی)دا نوسراوە:

«خاک بر سر من! نە دلبر و نە یاور، و نە خورسند از خبر، من غم خوردن تا روز محشر، عبدالرحیم المعدوم»

لە دوای پارچەی یەکی (تێ) نوسراوە:

«برادر عزیزم نشینگان تاریک، نشینان دور وباریک، بر آب حیات عبارت نامه بصحابت خصر میراب فرمودند، جزاکم الله، بدین شکسته‌دست مصدع شدم، والسلام. عبدالرحیم المعدوم.»

«برادر عزیزم! پیش از آمدن آدمت تدارک تسبیح را به این بیتهای شکسته وبسته کرده بودم روانه خدمت نمودم تا جواب دیگر را خواهم نوشت که وی را دیر است.»

به شوین ئەم نوسراوەی سەرەوەدا پارچەی (٥)ی (جیم)دی که باسی تەزبێحی تێدایە. ئەم پەخشانانەو ئەم شێعره بلاّ نەکراوانەوی مەولەوی له دیوانێکی کۆنی دەس‌نوس که ئاخرەکەی نەماوە و تەنها ۱۳۰ لاپەڕەی ماوە وە هەروەها له دیوانێ کەلای مەلا فتاحی کاگردەڵەیی بووە وە دەس هاتووە، فتوکپی لاپەرەی ١ و ٢ی دیوانه ناتەواوەکه بۆ نمونه پیش‌کەش ئەکرێ.

له‌کوتاییدا سەرکەوتنی هەمولایێ له خوا داوا ئەکەم.

هەمو ئینسانیکی پاک، چاک، دیندار، دڵسۆز و ئەدەب دۆست به تێکڕایی له هەر نەتەوەو ڕەگەزێ بێ وە هەرکوردێکی ڕوناک‌دڵ و خاوەن هەستیکی ئەدەبی به تایبەتی، ئەگەر به دڵوگیان خوی به منەتباری ئەو ئەندامه بەڕێزو خۆشەویستانەکه بناغەدانەری ئەم خزمەتەگەورەو ئەم ئەرکه به نرخه بوون و ئەو سەروەره زحمەتکێشانەی که به تەقەلا و ڕەنجی خۆیان ئەم نەمامەیان تاکاتی سەمەردان ئاویاری‌کردوه نەزانێ بێ‌گۆمان ناهەقی ئەکا.

چونکه ئەم بەرهەمەکه ئێستاکەڵکی لێ وەرئەگیری، سەرئەنجامی تەلاشی نزیک به ساڵێکی ئەوانەکه لەم ریگەدا به ئەستۆیان گرتوه و له هیچ شتێ دریخیان نەکردوه.

به ڕاستی ئەم خزمەته، خزمەتێکی بەنرخه به دین، به عیرفان، به فەرهەنگ و به ئەدەب، که شایانی ئەو پەڕی ڕێزو سۆپاسه، دیاره ئەوینێکی پڕسوز، ئیمانێکی پیرۆز و ئیرادەیەکی بتەو بوەتە مایەی هاندان بۆ ئەم ئەرکە بایی‌داره و هەر ئەوەش بوه به هۆی

ماندونەبونو شەکەت نەبونیان لەم‌کارە بەرزەدا، چەکارێ،کارێ کە تائێستا نەکراوە و نە مامێکی بیکرەکە تازە چە قراوە، لە خوا داوا ئەکەم‌کە تەواوی خزمەت‌گۆزارانی عیلم و ئەدەب بە تێکڕایی و ئەدەب دوستانی شارەکەیشمان بە تایبەتی موففەق‌کا تا هەرچی زیاتر بو پەرەپێدانی زانیاری‌و گەشاندنەوەی یادی زانا و عارفە هەرە بەرزو بەڕێزەکانمان و ناساندنی ئەوان بە جامعەی ئەدیبانو زانایانی جیهانی بێ پشوهەنگاوە هەڵ گرن.

هەرکەسێ کە ئاوازەی بەرزی مەولەوی کوردی بیستبێ، وە یا خۆ لە هۆنراوە و نۆسراوەکانی ورد بۆبیتەوە، بێ گۆمان گیرۆدەی ئەوینی مەولەوی ئەبی و بۆی دەرئەکەوێ‌کە مەولەوی تاوگۆزی گەلاوێژی گەشی ئاسمانی ئەدەب و معرفەت و خێر و بەرەکەت بوە، «بوی دەرئەکەوی». ئیمان بەوە دێنێ‌کە مەولەوی لەو پیاوانە نەبوەکە سەفحەی سپی و پاکی ژیانی خۆی بە شتی پڕو پوچ ڕەش بکاو خراپی بە جێی چاکی هەڵ بژیرێو کەڕامەتی ئینسانی خۆی بە نرخێکی کەم‌و خوشیەکی بەکار نەهاتوی دنیایی بفرۆشی و خۆی بکاتە دیلی دەس بەسراوی داواکانی نارەوای دڵ و نەفسی ئەمّارە.

تێ‌بێنی و سرنج‌دانی هەردێرێ لە نوسراوەکانو هەر شێعرێ لە هۆنراوەکانی دیمەنی جوانو نورانی مەولەوی لە ئەو پەڕی مروڤایەتی و گەورەیی و سەربەستی‌و ڕاستی‌و دروستی و دڵو دەرون پاکی و بەرچاوگر شادی‌دا نیشان ئەدا، وە وێنەی ئاوێنەی پاک، هێزی ئیرادەو بێ باکی، تاقەتو لی‌بووردن، چاکی‌و تەقوا، مێهرەبانی‌و سەفا، یەکدڵی و یەکڕەنگی ئەو ئەنوێنی.

مەولەوی کورد زاتیکە کە بە تەواوی چوەتە نێو دەریای قوڵی خواناسی و مەعنەویاتوە، جگە لە پلەی بەرزی لە زانستەکانی سەردەمی ژیانی خوی‌دا، سۆفی‌یەکی کوردی سینە سافو خاوێن هەست بوە. لێ هاتوو سەرکەوتوبوە کەم‌کەس توانیویە شان لە شانی بداوبەربەرەکانێی لەگەڵ بکا. لەم ڕیگەدا هەرتالێو سۆیری و هەر تەنگو چەڵەمەیەکی بۆ پێش هاتبی بەگیانو دڵ قبولی کردوە و بە ڕوخۆشی باوەشی بۆ گرتوەتەوە

و به لای پێوانی ڕێی وەسڵی دڵداری به خەڵات زانیوەو ئەبرۆی بۆ تێک نـەهێناوەو چەشنی سەروی ڕەوان ڕاستوڕێک وەستاوە، گەڵی له هاوەڵه پایەبەرزەکانی تەریقەتی له ئەوڕێ نوێنیان داواکردوەو دەستوراتیان لی وەرگرتوە، بۆ نمونه چەن شێعرێ له یەکێ له پارچەهەڵبەسته به نرخەکانی که نەسێحەتی یەکێ له دۆستانی تەریقەتی خوی تێدا ئەکا ئەخرێته بەرچاو که ئەفەرموی: ئەگەر ئەتەوێ له دەردی دوری مەعشوق نەجاتت ببی ئەبێ له بەرا به تیری عیشقی دڵ دارا ڕاوێستی و لەکوشتنو بڕین باکت نەبێ که به زمانی شیرینی هەورامی ئەڵی:

ئـەر ڕستگاریت جـەو دەرد ئـومێدەن دەوای خـــەلاسیو تـــەدبیرت ئـــێدەن
مەبۆ وەخت سەخت زامـان ئـاوەردەت ڕە ماوپەله پەل هەردەو هەرد کەردەت
پەی چـێش تـائیسته لێت مـەعلوم نـیەن ســـەیاد جـــەو اکـــۆژ درێـــغش نـــیەن
بـــەلام یـەره ویـەی ئـیبتیدای مـەشقەن خـــیلاف شـــێوەی تـــاویای عـــەشقەن
دەخیل سەر سەخت بەر هـەربکەربازی نـــازی دڵ ســـەرد بـۆ جـه تـیرئەندازی
نـــه دڵـــەی پـــڕ زەوق کـــۆنه نـەچیردا هـــای لەزەت دارۆ تـــیروە شـۆن تـیردا

مەولەوی ئەهلی دڵ بوەو زۆر شتی پێ ئیلهام کراوە وبۆی ڕۆن بوەتەوە یەکێ لەوانه ئەمەیە: «جارێکیان له خانەقای تەوێڵه ئەبێ، له (چروستانه) وە دێن به دوایاکه بگەڕێتەوە بۆ ماڵ چونکه کوڕێکی نەخۆش ئەبێ، ئەمیش سوار ئەبیو ئەگەڕێتەوە، له نیوەی ڕێدا هەناسەیەکی درێژ هەڵ ئەکێشی و فرمێسک به چاویا دیته خوار. هاوڕێکەی عەرزی ئەکا بۆ عاجزی؟ ئەمیش ئەڵێ چۆن عاجز نەبم حەزرەتی یەعقووب بۆ دڵخۆش‌بون بۆنی کراسی یۆسفی کوڕی ئەدرا به لووتیا،[1] که چی من بۆنی کفنی کۆڕەکـەم ئـەدرێ بـه دەماخما.. که ئەگەنه ماڵەوە ئەزانن لەوکاتەدا ئەو هەناسەکەی هەڵ کێشاوە خەریکی کفن

١- «اِذْهَبُوا بِقَمِيصِي هٰذٰا فَأَلْقُوهُ عَلٰى وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيراً وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِين». آیه ٩٣ سوره یوسف
«وَ لَمّٰا فَصَلَتِ الْعِيرُ قٰالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاٰ أَنْ تُفَنِّدُونِ». آیه ٩۴

کردنی کۆرە کەی بوون.

مەولەوی یەکێ لەو سۆفیەکوردە خاوێن و پاک و پیرۆزانەیەکە بەکەلامی عارفانەو هۆنراوە پڕسۆزەکانی کە لە قوولایی دڵی پڕ ئەوینیەوە هەڵ قوڵیوە، کۆڕی شێخانی تەریقەت و پیرانی هونەروەرو زانایانی عیلمی زاهیریو دانایانی عیلمی باتنی خستوەتە سەر خوشخوانیو نەواخوانی: وە لە وێنەی دەنگی پورەی هەنگ بە هۆنراوە سۆفیانەکەی لە هەمولایەکەوە گمەی خەرقەپۆشان بوەو ئاوازی سەمتوری دڵسۆزان. جابۆ ئەوە بزانرێ کە سۆفیەتی تاچ ڕادەیەک کاری کردوەتە سەر دڵی مەولەوی وە یا مەولەوی تاچ ئەندازە ئاڵاوە بە باڵای سۆفیەتیدا و چۆن ئەو فەلسەفەی دەربڕیوە چەن شێعری لە عقیدەی مەرزیە دێنینەوە کە ئەفەرموی:

نەزەر عادەتاً مەعرفەت دەدات — تەسدیق بە وجود بە وجوب ذات
بە سفات پاک سەلبی و سبوتی — بە قەدەر تاقەت قووەی ناسوتی
هیچ بە موعەللم حاجەت ناکەوێ — ئەگەر چی بە ئەو ئاسانتر ئەوێ
ڕوتبەی ئەوەڵیچ ئەوند ئەعلایە — دەسی ئارەزوی من لی کۆتایە
چ یارای ڕۆتبەی کەشفی حالێمە — تەمەننای ڕوتبەی ئیستدلالیمە؟
بەڵکەم هەڵکەوی لە زەمانێدا — سەرپەنجەی عەقڵم وە بوڕهانێ دا
بەو هەڵکەوتنە (مەعدوم) راجیە — «هویدا انا» و فیرقەی ناجی یە

تا دەڵێ

موریکم ساکن ضیقەت خانۀ — دەکێشم لە هەر خەرمن دانۀ
لە دوی ئەنفاسم و «لاسیمّا» — ئەنفاسی ئەنفس قودسی ئەولیا
«خصوصاً منهم» شیوخ الارشاد — حەق بەرەکەتیان زیاد کا زیاد
بێ ئەوان ناوێ بە قەولی فحول — نە عیلم و عەمەل نە روتبەی وسول
مونتەهای علوم عیلمی ئەوانە — موقتەدای عەمەل ئەوان، بزانە
عیلمی ئەفواهی و قالی و ئیستدلال — عیلمی ئیلاهی و کەشف و زەوقی و حاڵ

بۆ جۆگەی عیلم و بۆ نەقدی عەمەل     مەنبەع و کانن ئەولیای کەمەل
لە وێوە نەوێ جۆگەهەر لێلە     نەقدکان نەوێ لە ڕەواج وێڵە

مەولەوی بڕوای وایە: ورد بونەوە لەشت بە عادەت زانین و ناسین ئەدا بە دەستەوە، ئەم ورد بونەوە و سەیر کردنەئەوە ئەدا بە ئینسان کە بڕوای بە ذاتی واجب الوجود (خدا) بێ.

بڕوای بە سفەتەکانی خدا بێ، ئەو سفەتانەی بڕێکیان (سەلبی)ن، وەک ئەوە حدوث و شەریک بۆ ئەونیە، بەڵکو قەدیم و واحدە. وە بڕێکیان «ئیجابی»ن، وەکو ئەوە کە بەخشندەیە، مێهرەبانە، ئەم ورد بونەوە هەر بە قەدەر توانای بەشەرە، وە الا ئینسان ناتوانێ بگا بە حەقایقی ئەوانە. ورد بونەوە لە زاتو سفاتی هیچ پێویستی بە مامۆستا نیە، هەر چەندە بونی ماموستاکارەکە ئاسانتر ئەکا.

ورد بونەوە لە پایەی وەحدانیەت ئەوەندە بەرزە دەستی ئارەزوی منی ناگاتێ.

من یارای ئەوەم نیەکە بگەمە شۆینێک بتوانم کەشفی چۆنیەتی ئەو شۆینە بکەم، کە مەقامی جەلالی خوایە، تەنیا ئارەزوی ئەوە ئەکەم کە بە بەڵگە بگەمە شۆینێک تۆزێ دڵم فێنک ببێتەوە.

بەڵکو بۆم رێکەوێ لە وەختێکاسەر پەنجەی عەقڵم بدا لە بەڵگەو بۆرهانێک بو ئیسباتی ئەو مەقاماتە.

ئەگەر ئەوە بۆ مەعدوم رێ کەوی ـ کە ئارەزوەکەی هەر ئەوەیە ـ ئەو وەختە ئیتر من ئاشکرا ئەبم لە ناو دەستەی سەرکەو تواناودەکەومەڕیزی ڕزگار بوەکانەوە.

بە شوێن نەفسما بە تایبەت ئەنفاس و بەرەکەتی بە نرخی ئەولیا بێت.

لە وەلیەکانیشا شێخەکانی تەریقەت، خوا بەرەکەتیان هەر زیادکا بۆ مریدەکانیان. بە قسەی عالمانی زۆر بەرز، بە بێ بونی شێخانو پیران، نە عیلم و عەمەل دەبی، نەگەیشتن بە پایەی مەعنەویات.

عیلمی ئەهلی تەریقەت ئەو پەڕی عیلمە، کەوا بوئەبێ بکەویتە شوین عـیلمی ئـەوان و کاری ئەوان بزانی.

دەبێ عیلمی دەرس وەرگرتن بەدەمو بە قسەو بە بەڵگە، عیلمی ئیلاهیات و کەشف و کەرامەت و شەوقی حاڵی ئەهلی تەریقەت، هەمو لەوان وەربگیرێ.

بۆ جۆگەی عیلم و هـەڵسە نگـاندنی کـردەوە، شـێخانو ئـەولیایان، سـەرچـاوەی مەعریفەتو خواناسینن، ئەو وەلیانەکە هەمو شتێکیان تەواو کردوە.

ئەگەر لەو سەرچاوەوە نەبێ جۆگەی عیلم و عەمەڵەکە هەر لیڵ دەبێت، سەرمایەی عەمەل ئەگەر لەوکانەوە نەبێ بێ بازاڕە و ڕەواجی نابێت.

تەماشا ئەکەین مەولەوی بە دڵو دەرونێکی زۆر سەیرەوە چوەتە نیو نـاخی بـاسی ســۆفیتی‌یەوە. بـەلای ئـەوەوە ڕێگـای سـۆفیەتی گـەلی لە پـێشترە لە ڕێگـای زانینی زانستەکانی تر، بەلای ئەوەوە لقی تەریقەت ئەگەر نەزانرێ، لقی شەریعەت دەرناکەوێ، چونکە هەر زانیارییەک کە لە بارەی «کلام و الهیات‌وەیە» سەرچاوەی هەموی بۆ ڕێگای عیرفانو سۆفیەتی‌و تەریقەت ئەچێتەوە.

دور نیەکەم کەس لە سۆفیەکـان بـە جـۆرەکـەی ئـەو واچـو بـێتنە نـیو جـەرگەی سوفیتی‌یەوە، بەم چەشنەکە سەر چاوەی هەمو شتێ بەرنەوە سەر ئەم کارە.

هەروەک ئەزانین مەعنویاتو مادیات لە ئینساندا هەن و بە بێ یـەک نـایان کـرێ، مەولەوی لە بارەی فەلسفەی تەکوینی ئینسانیەوە هەر بەلای بەشی مەعنەویاتا ڕۆیشتوە.

بەڵام لەگەڵ ئەمە شاوە نەبێ بە تەواوی ریگەی لە مادیات گرتبێ، بەڵکو هەر تەنها ڕێگەی لەلقەکەی‌تری مەعنویات گرتووە ـ کە عیلمە ـ دەڵێ سەرچاوەی ئەو عـیلمەش هەر عیرفانەو سۆفیەتی ئەگەر ئەم نەبێ ئەویش نابێ.

ئەمە بو کورتە باسێکی نارەوا لە بـارەی سـۆفیەتی مـەولەوی و فـەلسەفەی ئـەو لە سۆفیەتی‌دا، هەر چەن نەشیاوی پلەی بەرزی مەولەوی‌یەو نەڕەوای پێش کەش بەم کۆڕە بەرزە، بەڵام بە وتەی پێشینیان کالاّ بە قەد بالاّیەو دیاری دەس شوان هەر ئاڵەکۆکە.

له دوایی‌دا، تکام وه‌هایه هه‌ر وه‌کو ولاّتانی‌تر، لێره‌یش شوینێک که لایه‌قی مه‌قامی به‌رزی مه‌وله‌وی بێ به ناوی ئه‌وه‌وه ناوگوزاری بکرێ تاکو ئه‌م یاده هه‌ر به‌رده‌وام بێ.
ئیتر به سوپاسه‌وه، والسلام علینا و علی عباداللّه‌الصالحین.

سقز ـ تیر ماه ۷۱


له‌م سه‌رچاوانه‌ی خواره‌وه که‌ڵک وه‌رگیراوه:

۱ـ قورآنی پیروز سوره‌ی یوسف

۲ـ دیوانی مه‌وله‌وی کورد چاپی ۱۹٦۱ م ـ ۱۳۸۰ ه چاپخانه‌ی النجاح ـ بغداد.

۳ـ مجلة المجمع العلمی الکردی چاپی ۱۹۷۸ م، چاپخانه‌ی کوڕی زانیاری کورد به‌غدا.

۴ـ سۆفیه‌کانی ته‌ریقه‌ی نه‌قشبه‌ندی له‌کوردستانا (نوسراوه‌یه‌کی چکۆله‌ی چه‌ن سه‌فحه‌یی ده‌س نوسه‌که مه‌لا محمد ناوی نوسیویه‌تی)

۵ـ مجلة المجمع العلمی الکردی چاپی ۱۹۷۵ به‌رگی ۳ چاپخانه‌ی مجمع‌ی ناوبراو.

٦ـ مجلة المجمع العلمی الکردی چاپی ۱۹۷۴ به‌رگی ۲ چاپخانه‌ی مجمع‌ی ناوبراو.

۷ـ العقیدة المرضیة چاپ ۱۳۵۲ ه مطبعهٔ سعادة ـ مصر.